# گەردانی ناو

# لەناو زمانی کوردیدا

# گەردانی ناو
# لەناو زمانی کوردیدا


نوسین و لێکۆڵینەوەی

**مەحموود زامدار**



**هەولێر- ٢٠١١**



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **گەردانی ناو لەناو زمانی کوردیدا**
- نوسین و لێکۆڵینەوەی: مەحموود زامدار
- نەخشەسازی ناوەوە: تەها حسێن
- پیتچین: عەبدولرەحمان میران
- بەرگ: وریا بوداغی
- ژمارەی سپاردن: (٢٧٢٦)
- نرخ: (١٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠١١
- تیراژ: ٧٥٠ دانە
- چاپخانەی ڕۆژهەڵات (هەولێر)

**زنجیرەی کتێب (٥٥١)**



**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**



**ماڵپەڕ**: www.mukiryani.com

**ئیمەیل**: info@mukiryani.com

# کورتە پێشەکییەک

* لێتوێژینەوەی وردو زانستیانەی، باری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و زمانەوانییەکانی هەر نەتەوەیەک، کارێکی یەجگار گرنگ و بایەخدارو مەزنە، چ بۆ ناسینی خودو خەون و ئاوات و کەسایەتی ئەو نەتەوەیە- لەمێژووی دێرینە و هاوچەرخ و نوێیدا- چ بۆ دەستنیشانکردنی ڕەوت و پاشەڕۆژی ئەو نەتەوەیە.

ئەوەی لەلای کۆمەڵناسە ژییرەکانیشدا زانرابێت ئەوەیە کە: مەسەلەی ناوو ناولێنان و نازناوو ناوو ناتۆرە. سەر بە گەلێ پێوانەی کۆمەڵایەتی و میتۆلۆژی و ئاینی و جوگرافی و سێکسی و زمانەوانییەوە گییرەو پەیدا بوونیشیان بە گەلێ کارەسات و ڕووداوو بۆنەی تایبەتی و سەرگوزشتەی دیاریکراوەوە بەندە، گەر بێت و بە وردی لێی بکۆڵرێتەوە، گەلێ بابەتی بەپێزو سەیرو دەگمەن و سەرنج ڕاکێشەری بە کەڵکی، بۆ لێکۆڵینەوەی واقیعی ئابووری و کۆمەڵایەتی و میتافیزێکی و سایکۆلۆژی لەلای ئەو گەلانەدا لێی ئەکەوێت و ڕوون ئەبێتەوە. لە هەمان کاتیشدا پەردەی قۆناغە جیاجیاکانی ئەو ناوانە سەرەنداز ئەکاتەوە. ئەوەی شایانی باس بێت و لێرەدا پەنجەنوما بکرێت ئەوەیە کە: دەلالەتی



(لەفزی)ی دەوری خۆی لەبواری بەکارهێنان و گونجاندنی ڕۆڵی لەگەڵ واقیعی سایکۆلۆژی نەتەوەدا ئەگێڕێ و ئەبێ بە ڕەمزێکی ڕەها بۆ مرۆڤ و بۆ ئاوات و ئارەزوو ئەلهای شارستانی و پاشەڕۆژی ئەو مرۆڤە. بێگومان هەیکەلی گشتی ڕۆشنبیری و ژیاریی و ئاینیش، دەورێکی دیار لەم بوارەدا ئەنوێنێ.

* گەلی ئێمەی کوردیش، زمانی پاراوی ئێمەیش، ئەگەرچی هەزاران جەزرەبەی زەمانەشی دیوەو تاڵاوی گەلێ تاڵەژانیشی چەشتووە، بەڵام ڕووی پاکی خۆی لە شارستانێتی مرۆڤایەتی سەرکێشا وەرنەگێڕاوە و لە قاوغەی تەنگەبەردا کروشکەی نەبەستووە، بەڵکو بەردەوام لەئاڵ و گۆڕدا بووەو گرەوی مان و بوونی خۆی لە دەست زەمانە بردۆتەوە..

تاقە ئاوڕدانەوەیەکی قۆچاخانە، بەسەر ئەم باسەی مندا، ئەم ڕاستییە ئاشکراتر و ڕەهاتر ئەکا، ڕاستیی (دان و وەرگرتن)و (تێکچڕاژان و بەخشش)ی بەردەوام. نەخوازەڵا لەبواری ناولێنان و نازناو و ناتۆرە و سانا کردندا، بەپێی گراماتێکی زمان و چێژی شاعیرانەی خۆی و بەتێروتەسەلیی دیالێکتەکانی، چی لێ ئەکات و چۆنی بۆ ئەڕوا. لە هەمان کاتدا ئەوەیش ساغ ئەکاتەوە کە: (کورد) نەتەوەیە و هەموو ڕەگوماک و بنکەو بنەمای نەتەوەیەکی سەر ڕاستی نێو ئەم ڕۆژهەڵاتەی تێدایە..

* بەڕاستی: ناوی تایبەتی کوردی، زۆر تەنیاو بەنگین و زۆریش تایبەتییە بەخۆی. هەرچەندەیش لە هۆزێکەوە بۆ هۆزێ،

لە دەستەبەندێکەوە بۆ دەستەبەندێ، لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی ترو لە ئەنجامی لێکدانەوەی زمانناسی و فەلسەفەیی و شێوەزارە جوێ جوێکانەوە ئەگۆڕێت و جی گۆڕکێ ئەکات، بەڵام هەر خودو ئەدگارو خاسیەتە کوردانەکەی خۆی نادۆڕێنێ..

بێگومان ئەم جیاییەش لە ئەنجامی پلەو پایەی سەرکەوتن و گۆڕان و گەشەسەندنی مێژوویی و شارستانییەوە، سەری هەڵداوە و بە ئەوەوە بەندە، بۆیە (ناو) لە شارستان جۆرێک و لە دەوروبەری گۆل و رووبارەکاندا چەشنێک و لە پێدەشت و نێو شاخ و تیوەرەشاخ و چڕە دارستانەکاندا بە ڕەنگێکی تر، خۆی وەدەرئەخا. هەندێ (ناو) هەیە لێکدراوە هەندێ تاکەو هەندێ ئاینی و هەندێ بۆ شوێن و هەندێ بۆ کات و هەندێ بۆ هیوایەک و هەندێ بۆ خەوبینین و خۆشییەک و هەندێ وەکو ئاوەڵناو (سیفەت) و هەندێ بۆ نزاودوعاو چاوەزار بەکاردێ.

ئەم باسەش، تائێستا دەستی لێ نەدراوەو دەقومۆری نەشکاوە. مەگەر ناڵێم تەنیا (ناوەکان) ئەمیش- بۆ مەبەستێکی تر-و زۆر بە بەر تەسکییەوە لە چەند نامیلکەیەکدا کۆکرابنەوە..

بۆیە بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەرچەندە بەکەڵکی زمانناسێ دێ، ئەوەندەیش فریای کۆمەڵناس و فۆلکلۆریست و مێژوونووسە لێهاتووەکان، ئەکەوێ..

* مەسەلەی ناولێنان و نازناوو ناوو ناتۆرە هەڵبژاردن لە کوردی و لە کوردەواریدا، هەر راستەو راست، سەر بەجۆری



فیکرو لێکدانەوەی میللی و مێژووییە و بنەمای زمان و دیالێکت و چەشنی هەڵکەوتنی قوڕگ و جیڕو گییرکردنی دەم و دان و زمان و مەڵاشوو و لووت و فۆنێتیکی کوردییەوەیە، کە ئەمیش بە دەوری خۆی، گرێی چەشنێ لە چەشنەکانی ژییری و وریایی و بیروباوەڕی سەرنج و لێتۆژینەوەی مرۆڤی ئەم وڵاتە ئەکاتەوە و هەموو نەتەوەی کوردیش ئەگرێتە خۆی. هەر بۆیەشە ئەم جۆرە باسانە، گەلێ لە زانایانی کۆمەڵ و سایکۆلۆژیست و مێژوونووس و زمانناس و فۆلکلۆریست و گرامەریستەکان پەنای بۆ دەهێنن و گەشترین ڕۆژانی تەمەنیان، لە ژوانیدا بەسەر ئەبەن.

* هەر بۆ زیاتر سەرنج ڕاکێشانیش، ئەبێ لێرەدا پەنجە بۆ تۆتەمیزم (ToTem) ڕابکێشرێت، کە کوردی ئێمەش، ئەم قۆناغ و تۆتەمیزمەی زانیوەو بەم قۆناغەدا ڕەتبووە، هەروەک چۆن لەنێو ناو و نازناوەکاندا ئەم دیاردەیە خۆی نواندووە.

تۆتەمێز- الطوطمیە- لەبنجا بۆ خێڵە کەودەنەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بەکارهاتووە و زاراوەیەکی هیندییە سوورەکانی ئەمەریکای باکوورە. دروشمێکە بۆ بنەماڵەیەک، یا بۆ خێڵێکی کەودەن و پەتیارەی سەر بەدایک و ناوی خۆیان بەو دروشمەوە ناوزددەکەن. وا دەبێ ئەو دروشمە، بەردێک و قسنێک. وایش ئەبێ ئەو دروشمە، بە پەیکەرێک یا بە نەقش و نیگارێ پلەبەردێ یا سماتە بەردێ بنوێنرێ، یا بە نیگارێکی ڕەنگاوڕەنگی سەر تەختەدارو پاتاڵ و شووشە بەندێک رەنگ بڕێژێ. وا ئەبێ ئەو

دروشمانە یا بە (خوا) و یا بە (نیمچە خوا) بناسرێ، بەڵام خواییێکە و هێزی خوڵقاندن و داهێنانی کەمەو دەسەڵاتی بەسەر، ئادەمیزادا ناشکێت، بەڵکو دروشمێکە وەک (چاوەزار) بەکارئەهێنرێ، خۆگەر هات و لەشەڕو مەرگەسات و نەخۆشی نەیپاراستن، ئەوا یا ئەیکوژن یا ئەیشکێنن و یا ئەیخۆن یانیش پشت گوێی ئەخەن و لێی لاپەڕگە ئەبن. بەمەیش (تۆتەمیزم) ئەبێ بە نموونەی کۆمەڵگەیەکی بچووکی تیرە یا خێڵ..!

* ئەمە لە سوچێک و لە سوچێکی ترەوە، ئاینەکان بەتایبەتی ئاینی موسڵمانەتی، هۆیەکی هەرە بەهێز بووە بۆ بڵاوکردنەوەی زمانی بەرگوشادی عەرەبی، لەنێو میللەتە موسڵمانەکانی غەیرەز عەرەب، هەر لە گینیاو ئەرتیریاو بگرە، تا دەگەیتە عەجەمستان و گورجستان و کوردستان و تاژیکستان و هەموو ئەو شوێنانەی کە ئیسلامەتی ڕووی تێکردبێ و رەگاژۆبووبێ، بەکارهێنراوە. بەڵام گەلێ لەو کەرەستەو ناوو زاراوو وشە عەرەبیانە- بەتایبەتی ناوەکان- بەپێی زەوقی زمان و گرامەری ئەو میللەتانە گۆڕاون و تێک شکاون..!! ئەمەو سەرباری کارتێکردنی فیکری میترایی و بووزی و زەردەشتی و تەوڕات و ئینجیل، بەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی و میتافیزێکی ئەو گەلانە، کە نەتەوەی کوردیش دانەیەکە لەو زنجیرەیە. سەرەڕای ئەم دیاردە ئاینییەش. گەلەکان. لە نێو خۆیانیشدا کاریان لەیەکتری لەم بوارەدا کردووە و ئاڵۆگۆڕێکی زۆرو بەگەڵێ چەشنیش کراوە.



* لە ئەنجامدا: من ئەزانم ئەم باسە پێویستییەکی زۆری بە پشکنین و دانیشتن و گەڕان و سووڕان و سێرە هەیە ئەوەیش نییە تا زۆر خۆمی پێوەڕانیم بۆیە چاوەنوارڕم ئێوەی شارەزا، لە بارتری بکەن، تا ئەمەی منیش ببێ بە بەشێ، بە زنجیرەیێ، لە زنجیرەکانی لێکۆڵینەوەی زمان و مێژوو کۆمەڵی کوردستانی ڕاچەنیو...!

# بەشێوەیەکی تایبەتی لە شارستان

**۱- ناوی ئاینی:**

أ- ئەو ناوانەی بە پاشگری (اللە)وە دواییان دێ، وەک (نعمة الله- عبدالله- عطا اللە- رحمة الله- عبیداللە- بیت اللە- مال الله...).

ب- ئەوانەی ناوەکانی تر (خوا)یان هەڵگرتووە، وەکو (عبدالستار- عبدالغفور- عبدالحمید- عبدالوهاب- عبدالجبار- عبدالخالق- عبدالمؤمن- عبدالرحمن...).

ج- ئەو ناوانەی کە ناوی پێغەمبەرانیان بە باڵا بڕاوە. وەکو: (محمد- احمد- ابراهیم- یوسف- زکریا- خضر- الیاس- صالح- عوزێر- داوود- موسا- سلیمان- عیسا- ادریس- یونس- ذوالنون...).

د- ئەو ناوانەی کە بە وشە و پاشگری (الدین) پایە دۆست ئەبێ، وەکو: (بهاءالدین- عزالدین- صلاح الدین- علاء الدین- شمس الدین- جمال الدین...).

**۲- ناوی مێژوویی:**

أ- ناوە عەرەبییەکان وەکو (ابوبکر- عمر- حسین- خالد- حیدر- علی- عثمان- حسن- عباس- حمزة- مطلب...).



ب- ناوە ئێرانی و کوردییە کۆنەکان، وەکو (ئەردەشێر- ئەسفەندیار- ئەفراسیاب- بەهمەن- مەزدە- فەرهاد- فەرزەند- بەنگین- گیو- ئارش- چەکۆو- خەسرەو- ڕۆستەم- جەمشید- لەپ زێڕین- سیامەند- پێشەوا...)

ج- تورکە عوسمانلییەکان گەڵێ لەناوە عەرەبییەکانیان وەرگرتووە، با عەرەبیش بەکاری نەهێنا بێ، بەپێی چێژو خاسیەتی زمانەکەی خۆیان، گۆڕییویانەو ئێمەش- لە کۆن و ئێستاماندا- لە ئەوانەوە ئەم دیارەدەیەمان بۆ ماوەتەوە، وەکو:

۱- (حکمت- رافت- رفع- عزت- هیدایت- بهجت- شوکت- نعمت...)

بۆنێرینەو چەل نا چەلێکیش بۆ مێینەبە کارهاتووە.

۲- (سعاد- سداد- وداد- نهاد- فواد...) بۆ مێیینەو چەل نا چەلێکیش بۆ نێرینە بەکارهاتووە.

د- هەر لەسەر هەمان ڕێڕەو، هەندێ ناوی دیکەی بە نەژاد عەرەبی، تورکەکان وەریانگرتووە و بە گوێرەی چێژی کۆمەڵایەتی و زمانەوانیی خۆیان، چ وەکو (ناو) چ وەکو (نازناو) بەکاریان هێناوە، کوردەکەش- لە ئەنجامی گەڵێ هۆی دیاری شارستانی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە- لاسایی ئەمانی کردەوە و بەکاری هێناون وەکو: (حقی- زهدی- وهبی- رشدی- فهمی- حلمی- عونی- زکی- شوقی- وصفی- فوزی- رمزی- رفقی- ...تاد) بەڵام ئەبێ ئەوە لەبەر چاوێ کە ئەم (ێ)یە بە هیچ جۆرێ بۆ نیسبەت و دانە پاڵ نییە هەروا ئەمانە زۆر جار ئەبن بەنازناوو ئەکەونە پێش ناوی وەک: (محمد- اسماعیل...)

ه- له کوردســـتاندا- بهتـــایبهتی له چـــاخی عوســــمانلّی و سهفهوی و قاجاریاندا- لهلایهن شاو سولّتانهوه گهلّێ نازناو به کورده دهسـهلاّتدارهکان دراوه، وهکو (چهلهبی- نقیب- خـان- پاشـا- شـازاده- بهگ- ئاغـا- سـان- پساغا- میر- میری میران- میرزا- میرزاده- پس میر) و لهتهک ناوهکانا بهکارهاتوون، یا کوردهکه خـۆی بـۆی داتاشیوه، یا له (نازنـاو)هوه کردوویهتی بهناوو بهکاری هێناوه.

**۳- ناوی نوێ:**

أ- ناوی عهرهبی (بۆ نێرینه و مێینه) وهکو: (ابتسام- نجاح- سمیره- حریه- أمل- نوال- لائقه- خالده- رائده- عایده- وسیله- لیلی- جمیله- شادیه- سامیه- سهام- احلام- عاصم- ناصر- سلام- وسام- فائز...)

ب- ناوی کوردی (بۆ مێینهو نێرینه) وهکو: (جوان- ئازاد- ههلاّله- پهخشان- نازدار- نازهنین- ئاڤان- شیرین- بهفرین- بهختیار- دلّدار- ئاسۆ- ڤیان- زانا- پشکۆ- ئاشتی- بههره- شۆخمیر- مزگێن- هاریڤان- دلڤین- زێرهڤان- دلبرین- دلّگهش- گولّستان- جوانمێر- هونهر- هیوا- ئاڤان- شنه- ناهید(۲)).

ج- ناوی ئاوروپایی و جیهانی (بۆ نێرینهو مێینه) وهکو (سۆزان- سیڤهر- پهکین- گیڤارا- کاسترۆ- بریجیت- بۆدلێر- نههرۆ- کامۆ- ئهنجیلا- غاندی- زۆربا...)



**له دێهات**

۱- وشهو ناوی رهق و درِی گیانلهبهر، بۆ ترس و سام و دوژمن تۆقاندن وهکو: (شێرکۆ- گورگۆ- جرجۆ- هرچۆ- پلّنگۆ- کتکۆ...)

۲- ههندێ وشهو ناولێنانی وا ههیه که ههندێکی ماناداره و ههندێکی هیچ واتایهکی نییه، بهلاّم خۆی له خۆیدا، نیشانهیهکه بۆ شتی سهیرو پیس و لهو تاوو بۆ ناوو ناتۆره بهکارئههێنرێ وهکو: (پزێ- کتۆ- بیبۆ- هۆپۆ- حوچۆ- کهمۆ- پهچۆ- خهپی- قنۆ- قلّقۆ- رۆرۆ- ترحۆ...)

۳- وا ئهبێ، هیچ بایهخێکی ئهوتۆ به ناوو نادهن و زۆرجار- وا ئهبێ- منالّ تا منالّه، بهناوێ بانگی ئهکهن، که گهوره بوو، به ناوێکی تر ناوی دهبهن. به (بابه- کاکه- دایه- بهرخۆ- چاوێ- خرپۆ...) که گهورهش بوو، خهتی سمێلّی دانا، یا مهمکی گۆی کرد، له پرێکا به (عهلۆ- عهلهکه- حهسۆ- کالّێ- زارێ- محێ...) ناوزهدی دهکهن.

٤- ههندێ ناو ههیه بههۆی بۆنه کۆمهلاّیهتییهکانهوه سهرههلّدهدا، ههر بۆنموونه له سهرهتای سهدهی بیستهمدا ناوی (حریت- عدالت- مساوات) زۆر باو بوو، ههروا گهر کابرایهکی کاربهدهست بێته ناوچهیهک لهناوچهکانی کوردستانهوه، ورده ورده ناوهکهی وا باوو بلاّو ئهبێ، زۆر کهس له خهلّکه سادهکه، ناوی منداڵهکانیان بهناوی ئهوهوه، ناو ئهنێن، جا با ئهو کابرایه ناوهکهیشی کوردی نهبێ، ئهمهیان بهلاوه گرنگ نییه ههروا بۆنه و کارهساتی جگهربڕ، گهلّێ جار

ئەبێتە مایەی پەیدابوونی جۆرە ناوێک، جا ئەو ناوە چ بۆ بەرگەگرتن بێت، یا مانای هەناسە ساردی و یادی ناخۆش بخاتەوە بیر، وەک: (ئەژین- ڤەهێل- نیوار/ چەتۆ- ژیمان- سەرکەوت- وارهێل- مژوار-...).

٥- هەندێ ناو یا نازناو هەیە، بەهۆی بۆنە مێژوویی و سیاسییەکانەوە بڵاوئەبێتەوە، وەکو (جەنگی) لە کاتی شەڕو ئاشووب و هەرادا، ئاوایش ناوو نازناوی (شۆڕش- حربی- ئادار- بارزان- پێشەوا- پیران- جەنگاوەر- زرێ- سارۆخ...).

٦- هەندێ ناو هەیە، بۆنە ئاینییەکان بە دەستاوێژێکی کەی ناولێنان لە دێهات، هەروا لە شارستانی کوردستاندا دورستیئەکەن، وەکو: (ڕەمەزان- حاجی- جمعە- محرم- شعبان- عبدۆ- هەینی- جەژنی- ڕەجەب...).

٧- هەندێ ناوی وا هەیە، کە تەنیا ڕێککەوت دورستیئەکات. گریمان وا ئەبێ کابرایەک لەکاتی ژان و ژووری ژن و مناڵ بووندا، ژنەکەی مناڵێکی ئەبێ- کوڕ یا کچ- لەو دەمەدا چاوی بە هەرچی و گوێی لە هەر چی بێ- بەوە ناوزەدی ئەکا، لەدواییدا ئەشێ بیگۆڕێ- بەڵام ئەم دیاردەیە زۆر کەمە، وەکو: (ژووژوو- ئاسکە- تەپاڵە- پشقڵ- دۆشاو...)

٨- هەندێ ناوی وا هەیە، بەناوی ئەستێرەکانەوە ناو ئەنرێن، وەکو زۆربەی میللەتە کۆنینەو سەرەتاییەکان، وەکو (مەهۆ- ئەستێرە- پێروو- ئەختەر- ئافتار- پەروین- هەتاو- ڕۆژە- گەلاوێژ...)



٩- هەندێ ناو هەیە- بۆ کوڕو کچ- تایبەتییە بە ئێزیدییە کوردەکان وەک (گوهدار- کەڤی- مشکۆ- عیدۆ- کرێت- شارێ- پێلێ- شوڕی- سیتۆ- قرپاڵ- پیرگرو- شەمۆ- بەلێ- فەلیت- مەنجۆل- گۆزێ- شەمێ- شۆڕۆ-...)

# ناولێنیان بەشێوەیەکی گشتی

**لە زمانی کوردیدا**

١- ناوی عەرەبی و فارسی و تورکی و عیبری، وەکو: (محمدو- فەرەیدون- ئۆغر- ابراهیم- اصلان- ارسلان- نزار- علی- بەهمەن- میکایل...)

٢- ئەو ناوانەی کە سیفەتێ ئەگرنە خۆ، کە بە تێکڕایی سیفەت و خاسیەتی باشن، بەڵام لە چەند سیفەتێکی تر (سلبی) بە دەرنین و بێ مەبەستیش نین وەکو: (لاوچاک- سوارە- چەڵەنگ- هۆشەنگ- دلێر- پێشڕەو...)

٣- هەندێ نازناوی وا هەیە، واتای خراپەکاری و چاوسوور کردنەوە نەداتە دەست، بەڵام چاوسوور کردنەوەیەک لەگەڵ دوژمن و بۆ دوژمن، هەر دوژمنی بێت، وەکو: (دڵڕەق- دڕێ- پەتیارە- کەودەن- دڕندە...)

٤- ناوی ئاژەڵ و گیانلەبەر، وەکو: (مامر- مشکۆ- شێرە- سیخوڕ- گیسکە- بەراز- قومری- سوێسکە- پەرەسێلکە- شاهۆ- نازناوێ بەکارئەهێنرێ.

٥- ناوی گوڵ و گژوگیاو روەک- ئەمەیان پتر بۆ کچ بەکاردێ- وەکو: (هەرمێ- نێرگز- رەزێ- سەرگوڵ- شەمامە- مێخەک- چرۆ- هێرۆ- وەنەوشە- گولێ- گێلاس-



گەزیزە- شلێرە- هێشوو- گوڵان- گوڵچین- گوڵناز- شیلان- ڕێواس- نەمام- بەهی- خەرمان- بەڕەزا- چنار- خۆخێ- ژاڵە- چنوور- سێوێ...)

٦- ناوی کات وەکو: (هەینی- ساڵۆ- بەیان- سپێدە- خەزان- رۆژێ- نەورۆز- شەوێ- بەهار- رۆژگار- زفستان...)

٧- ناوی جێگا، وەکو: (ئاسۆس- ئەزمەڕ- بێستوون- هەڵگورد- بۆتان- ئەردەلان- چیا- دەرسیم- زۆزک- سیروان- زاگرۆس- سەفین- نیشتمان- مەریوان- هەندرێن- سیپان- سەیوان- هەورامان- ئەرارات- بێخاڵ- کوردستان- مەهاباد(٣)).

٨- نازناوو خێڵ و خانەوادە و بەرەباب و ناوچەو کۆڵان و ڕەگەز، وەکو: (دۆسکی- زێباری- شێروانی- جاف- مزووری- شوان- مەنگوڕی- هەمەوەندی- شارەزووری- شۆڕیجەیی- گرگاشی- بندیان- بابان- شاکەلی- دێلێژەیی- دیاربەکری- ئامێدی- خانەقینی- موکریانی- هەمەدانی- ساڵەیی- حەیدەری- ئاکرەیی- حاجی نەبی- جەلی زادە- بەدرخانی- گەڕاوی- قزڵجەیی- کۆکۆیی- کڵاوقووت- بۆسکانی(٤)).

٩- نازناوو ناوی ڕەگەزی بانی ئێرانی، وەکو (دارا- ئەفراسیاب- ڕۆستەم- گورگین- گۆدرز- زۆراب- ئەردەشێر- نەوشێروان- ئەسفەندیار...)

١٠- نازناوو ناوی سەر بە پیشە و کار، وەکو: (شوفێر- خەزنەدار- چاوەش- بێریڤان- کڵاشکە- کلاشچن- باشبۆزغ- دەهۆڵکوت- زۆڕناژەن- ئاشەڤان- ئاسنگەر- جوتیار-

عەلەمدار- باغەوان- سەوزەفرۆش- کرێکار- وەرزێڕ- قەزوانفرۆش- سەبزەچی...)

١١- نازناوو ناوی سووک و چرووک و هیچ و پووچ، وەکو: (کوێرە- کەرێ- کەچەڵ- قەموورِ- گوێبراو- خێلە- حەپۆل- شوغال- گەمشۆ- گولە- گەرە- پنچگ- چەوەندەر- تۆڵەکە- دەعۆ- نابووت- شێلم- گەلحۆ- مارمیلۆک...)

١٢- ناوی نوێی عەرەبی و کوردی و ئاوروپایی: (سۆزان- سعاد- سیزان- ماجدە- اشواق- ازهار- مارلین- شەونم- نەسرین- گوڵاڵە- بەفرین- ئاشتی- پاکی- ڕاستی-ئارێز- ئاکار- ئەلەند- ئاڤیار- ئاوەنیا- ئاژار- باهۆز- بریار- بێساران- برادۆست- رەوەز- پێشکۆ- خۆشەوی- داستان- داناز- دڵمەند- دلۆڤان- ڕابوون- ڕاڤیار- ڕۆژگار- زامیار- ژیکۆ- کارۆخ- کاڤین- کۆڕەو- کۆژان- گۆڤار- لەزگین- لاوکۆ- لازۆ- نەوژین- نێچیرڤان- هاوکار- هاریڤان- وەژەر- ئاوێز- ئەسرین- ئارەزوو- بەڕێز- بزاڤ- باڤین- پەیڤین- تاڤان- ترێ- جوانگوڵ- چنار- خەرامان- خۆزگە- دڵخواز- دەوەن- دیدەڤان- دەرسیم- دەشنێ- ڕۆژین- ڕێژەن- ڕەوشت- زێریڤان- ژینۆ- ژیلە- سارا- سایە- سۆما- شاکار- هەڵوێست- شانۆ- شەیدا- شیلاڤ- فینک- ڤەرسین- کوێستان- گوڵشەن- گەزیزە- لەنجە- لێزا- مەرزیە- مەیڤی- نازێ- نەمام- مەبەست).

١٣- ناوی کۆنی پیاو و ژن (ڕەسەن و کوردی): ( زارێ- خانەگوڵ- مینا- بەگیسی- بەهزاد- مەنیژە- دڵبەر- ئەستی-



باوەیس- چەتۆ- خوداد- جیهانبەخش- گەزۆ- وەیسی- پیرباڵ- پیرۆت- خوادە- خورشید- بایز- فریاد- پیرۆز- شاناز- رەعنا- کڵاوزەڕ- بێژەن- لەعلی- زێرین- پەریخان- گوڵێزار- پەریزاد- چراخان- حەلاو- بەسێ- تەمەر- خانێ- تێلی- لەعلیخان- هەسە- سیابەند- کاکەمەم- خاتوزین- گوڵخەندان- گوندێ- خانزاد- گوڵناز...).

١٤- نازناوو ناوی سروشت، وەکو: (کەپکێ- یاڵێ- ملە- گەردن- بەردێ- دۆڵێ- روبار- جەنگەڵ- بۆران)

١٥- ناوی ئەوشتانەی کە مرۆڤی کورد بەکاری ئەهێنێ و لەلایدا جۆرە نرخێکی هەیە وەکو: (داسوولکە- قەڵانگ- خەنجەر- قەیناغ- بڤر- مەنجەڵ- تفەنگ- شمشێر- کەوان- کوتەک...)

١٦- ناوی ڕەنگ و سیفەتی ئەندام و لەش، وەکو: (ڕەشۆ- کاڵێ- بۆرێ- بۆزێ- سۆرێ- مۆرێ- چاوبەڵەک- شینە- زەردێ- سەوزە- سوورەگوڵ- گوڵەندام- چاوکاڵ- چاوشین- ئەسمەرێ...)

١٧- ناوی مەعنەوی و سایکۆلۆژی، وەکو: (کسپە- ئارام- هەدار- چرپە- شاپەری- بڵیمەت- ڕاز- سۆزێ- پەری- ئارەزوو- ئامانج- نەمر- بەرزی- یار- سایە- ناز- کڵپە- ڕاستی- تەنیا- مژدە- مەنگۆ- زیندوو- هیوا- ئۆخەی- بەستە- بەهەشت...)

١٨- ئەو ناوانەی کە لە سیفەتەوە سەرهەلئەدەن، وەکو (شەرمین: لە شەرمەوە، بەفرین: لە بەفرەوە، خوناو: لە ئاونگەوە، شۆڕێ: لە شلو ملییەوە، لەنجە: لەنازو لارەوە، ناسک: لە شەنگییەوە...)

١٩- ناوی ڕووناکی و ئەستێرەکان، وەکو (مانگێ- ئەستێرە- پرشنگ- ئەختەر- پەروین- خۆرەتاو- ڕۆژبەیان- گوڵەبەڕۆژە- ئافتاو- هەیڤێ- پێروو- گەلاوێژ...)

٢٠- ناوی بەهێزو وشک و دڕ (بۆ ترساندن و ڕێزلێگرتن) وەکو (ئەژدیها- نەهەنگ- بڵند- باهۆ- پاڵەوان- نۆتەغار- تۆلاز- جوامێر- جەنگاوەر- ڕەشکۆ- سەرۆک- شێرکوژ- قارەمان- هێرش- شێردڵ- وەشتی- هەڵۆ- هەڵدێر- ئەژی- سالار- قەڵغان- سەردار- ڕەشمار- کەندوبڕ- سەرخۆرە- دۆبڕ...).

٢١- ناو نازناوی ڕێبازو تەریقەت، وەکو: (عەلوویی- وسوویی- پیرشالیاری- نەقشبەندی- ئەحەیی- ئێزیدی- کۆنەبۆشی- محێیێ- حەمەسووری- حوسەیی- داسنی- مەولوودی- مەولەوی- ڕفاعی- قالەیی- مامەڕەزایی- وەسانی- زەردەشتی- قادری...).

٢٢- نازناو ناوی سێکس (بۆسیفەت و جوێن و تانەو تەشەر) وەکو: (قوزێ- کیرۆ- گونی- قۆڕێ- حیزە- قوزباتمان- قووندە ستار- کوزدەر- گاندەر- چاوحیز...).

٢٣- زۆرجار، یا لەبەر نەزانی، یا لەبەر زێدە خۆشویستن، سیفەت ئەکەوێتە بە ڕناوو ئەبێ بەناوێکی سەربەخۆ، وەکو: (نبی محەمە- خلیل ابراهیم...)

٢٤- هەندێ جار، ماڵ هەیە، دوو کچ، یا دوو ژنی تێدایە (یەک) ناوییان هەیە، یەکیان (ئامە) ئەوەی کە (هەمین) یەکەم (خەجێ) دووەمین (خەجیج)..!



٢٥- گەڵێ جار گەر بەردەوام ژنێک منالی نەوەستێ و بمرێ و بۆ ئەوەی منالی تازەبوو بمێنی و بژێ، ناوی سەیر سەیری لێ دەنێن وەک: (ئەڵمان- عەتەم...)

٢٦- گەڵێ جار بۆ گەڵێ مەبەست ناوی نهێنێ بۆ منال بەکار ئەهێنرێت، کەچی منالەکە ناوێکی تری ئاشکرای هەیە.

٢٧- وا ئەبێ ژنێک منالی نابێ با ڕاناوەستی یا بۆ مەبەستی تەمەندرێژی، دەچێتە لای شێخ یا مەلا یا سەر پیاو چاکێک و نەزردەگرێ و بەناوی ئەوەوە یا بە هەڵبژاردنی ئەوەوە منالەکە ناو ئەنرێت.

٢٨- وا نەبێ کابرایەک چ لە هەرزەیی و چ لە باوکایەتیدا حەز لە یەکێ دەکاو بۆی ئالوێ و نابێ، بەلام لەبیر ناچێتەوە، کە ژنەکەی منالی ئەبێ ناوی کچەکەی- گەر کچ بوو- بەناوی کۆنە دڵخوازەکەی ناوزەد ئەکا، دوور نییە ژنەکەشی ئەمە بکا- گەر کوڕ بێ-و بۆی بلوێ..!

٢٩- گەڵێ جار وانەبێ، پیاو یان ژن، خەون ئەبینن- هەر جۆرە خەونێ- هەر لەو خەونەدا ناو بۆ مندالەکانیان دائەنێن.

٣٠- گەر بێت و ژنێک مندالی ڕانەوەستێ و بمرێ، بۆ چاوەزار دێن ناوێکی گاورانی لێدەنێن..!

٣١- لەژێر سێبەری ڕەشوقەتمەری دەرەبەگایەتیدا، ئەوانەی کە سەر بە ئاغاو ماڵی ئاغان، ناو یا نازناوی تایبەتی خۆیان هەیە و پێی بانگ دەکرێن و دەناسرێن وەکو: (سەرکار- دز- ناوماڵ- پاکار- شەقڵچی- کوێخا- میرزا- کارەکەر- نۆبەتدار- سەیس- قاوەچی- گزییر- سەپان- تفەنگچی- پاسەوان...).

٣٢- له كوردەواریدا ناوی (مەلا) دەورێكی گرنگی هەیەو بۆ رێز لێنان و گەورەیی بۆ ناو بەكار دێ ئینجا (شێخ)و (پیر) و (باوە) و (سەیید) ناوی نەوەكانیشیان بە (باوەیادگار)و (پیرەسوور)و (مەلازادە)و (شێخ زادە)و (سەیدزادە) ناو ئەبرێن هەروا بۆ رێزگرتن (مامۆستاو (كامەلا)و (شێخ)و (مام سەید)و (پیرداود)و (كاسەید)و (كاكەشێخ) بەكاردەهێنرێ.

٣٣- لەپاڵ ناوی تایبەتی ژندا، له كوردەواری بۆ رێزگرتن و میهرو سۆزو خۆشەویستی و مەزنیی (پێشەبەند) یا (پاشبەند)ێك دەنێنە ناوەكەوە و بانگی دەكەن، یا هەر ئەو پێشبەند و پاشبەندە- بیلامانێ- ئەبن بەناوی ڕاستەخۆی ژنەكە وەكو: (خان- خاتوون- خانم- یایێ- یایە- دایكی- دا- پلە- باجی- نەنێ- داپیرە- دادە- تاتێ- میمی- ژنخاڵ- ژنمام- ژنبرا- كچ خاڵ دۆتمان- ئامۆژن- خاڵۆژن- براژن..) وەك دیاریشە بەپێی ناوچە و دیالێكتی زمان ئەمە سەرهەڵئەدا.

٣٤- هەر هەمان دیاردە له كوردەواریدا، بۆ پیاوو بۆ هەمان مەبەستیش و بەپێی ناوچەو دیالێكتی زمان، بە كاردێ، وەكو: (كاك- كاكێ- ئەزبەنی- ڕۆڵەی مامی- براله- باپیرە- مامە- سەیدا- ئەزغولام- خاڵۆزا- قوربان- گەورەم- میرم- كاكی برا- مامۆستا- ئەفەندی...).

٣٥- هەر له كۆنەوە، ئێستاش كه ئێستایە، هەندێ له نووسەرو شاعیران و هونەرمەندانی كورد، وازیان له خێڵ و ناوچە و ڕەگەز و پیشەو بەرەباب هێناوە و لەبەر هەر



تەئسیرێك بووبێ- گشتی یا تایبەتی- ڕوویان كردۆتە جۆرە نازناوێكی ترو ناوی (خۆیی- زاتی) یان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە، وەكو: (نالی- كوردی- مەولەوی- كەیفی- قوبادی- حەریق- مەحوی- پیرەمێرد- بێكەس- دڵدار- كامەران...) كەچی ئەوەی جێی سەر سوڕمانە، ئەم چەشنە ناوانە، لەنێو ئەدیب و شاعیرانی كورد، بە شێوەیەكی سەیرو زۆریش تایبەتی له شاری (هەولێر) و دەوروبەریدا تەشەنەی كردووە، وەكو: (زامدار- شێواو- پەرۆش- پەشێو- سەرسام- خەمناك- شەوڕۆ- هەژار- ئاوارە- ژاكاو- بێبەش- برژاو- سووتاو- خەمگین- ڕەنجبەر- بێنەوا- ڕەنجوور- ڕەنجەڕۆ- بێخەو- تاساو- پەرێشان).

٣٦- وا ئەبێ ژن له وڵاتی غەریبایەتیدا، یا له شوێنێكی ناودارا، ژان ئەیگرێ و منالّی ئەبێ، ناوی منالّەكە- كوڕ بێ و یا كچ- بەناوی ئەو وڵات و شوێنە ناوئەنرێ، وەك: (توركیا- شنۆ- سوریا- سەردەشت- سەرچنار- بێخاڵ...).

٣٧- هەندێ ناوی منالّ هەیە بەناوی گۆرانیبێژو شاعیرو مەلاو شێخان ناو ئەنرێ.

٣٨- هەندێ ناوی منالّ هەیە، بەناوی میوانەوە ناو ئەنرێ، گەر لەكاتی ئەو میوانداریییەدا ژنی ماڵ ژانی گرت و منالّی بوو.

٣٩- منالّ هەیە- كوڕ یا كچ- ناوی تایبەتی خۆی هەیە، لەهەمان كاتیشا، جا بۆ چ مەبەستێك بێت ناوی نهێنیشی هەیە.

٤٠- لەتەک ئەو خاسیەتەی کە زمان و کۆمەڵی ئێمە لە بنیادنانی (ناو)دا هەیەتی- وەک باسکرا- بەڵام بەزۆری، کورد حەز لەو ناوانە دەکا بە (وان) و (مان) و (ان) کۆتاییان دێ. لەم ڕەسەنایەتییەشدا، لە تەک گەلێ لە میللەتانی هیند و ئێرانی و ئەوروپایی یەک ئەگرێتەوە، وەکو: (پاڵەوان- مەلەوان- باغچەوان- چاوان- شوان- گاوان- کاروان- شاخەوان- قارەمان- پەریخان- خەرامان- پەخشان- گوڵخەندان...).

٤١- شوێنکات دەورێکی یەکجار گەورەی هەیە، بۆنموونەک (ناو)ێک لە (ناوان) لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا زۆر باو دەبێ و زۆریش پەسەند، کەچی لە شوێن و کاتێکی دیکەدا، ئەو دەورەی نامێنێ.

٤٢- تائێستاش کە گوێمان لە ناوێکی ناباوی نامۆدەبێ زۆر بەلامانەوە سەیرو دەحەپەسێین، یا قێزی لێ دەکەین، یا پێدەکەنین، کەچی هەر دوای ماوەیەک و لە ئەنجامی دووبارە بوونەوەی ئەو ناوە لەنێو مێشکاندا ڕەگاژۆ ئەبێ و خۆی بەسەر واقیعا ئەسەپێنێ و ڕەنگ و ڕووی خۆی ئەنوێنێ وەک هەر بۆ نموونە: (گێ مەدێ- دۆلار- دینار- مارک- جوولەکە).

٤٣- هەندێ ناو هەیە دەسەڵاتێکی زۆر سەیری هەیەو خۆی بەسەر زەین و مێشکا ئەسەپێنێ وەک: (بارزانی- پێشەوا- سمکو- پیران- دەرسیم- هەرێم- خواکوڕک...)



٤٤- هەندێ لە کۆمپانیاکان، بەهەڵەداوان دەیەها پۆدرەی جل شوشتن یان خستە بازاڕەوە وەک (سیرف- امواج- تایگەر- ڕەخت- دەریا...).

کەچی ئێستاش کە ئێستا هەر تەنیا ناوی (تاید) لەسەر زارانە و هەر هەموومان ئەڵێین: (تاید) چونکە لە پێشدا ئەو کەوتۆتە بازاڕو هاتۆتە بەردەست و دەوری خۆی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری تەندروستیدا دیوە....تاد).

٤٥- هەندێ ناو هەیە گەڕۆکە و کۆچا و کۆچ ئەکا هەروا دەلالەتی خۆیشی هەیە و پێداویستییەکی زۆری بە لێکۆڵینەوەی سایکۆ کۆمەڵایەتی و زمانەوانی هەیە، دەگمەن ئەبێ، ئەگینا هیچ ناوێک بەبێ ماناو واتا نییە. ناوی کیشوەرو زەریالووش و دەوڵەت و شارو دەریاو دەریاچە و ڕوبار و شاخ و کێوو دەشت و بیابان و گوند و لادێ، هەر هەمووی مانایەک دەبەخشێ وڕەگی لەنێو جەرگەی واقیعدا داکوتاوە.

٤٦- هەندێ ناو هەیە لەکۆن و نوێدا، باوبێ یا باو نەبێ، نازناویان بەسەریاندا زاڵبووە، بیر لە ناوە ڕاستەقینەکانیان ناکرێتەوە وەک (بەدلیسی- خانی- نالی- ابن خەلکان- جزیری- گرکاشی- ئادی شێر- شەمزینی- مەلا گچکە- مەلای گەورە- پیرەمێرد- گۆران...).

٤٧- هەندێ ناو هەیە لەبەر سەیر و سۆبەت، یا لەبەر پێشە، یا ڕەفتار، بەکەسەکەوە ئەنووسێ و بەو ناوە ناو دەردەکا وەک: (پێ پان- مشکۆ- مطبعە- وشکۆ- بەرازیلی- یابانی-

دیزل- برنج- کۆمپیوتەر- دۆڵمە- کودی- باینجان- ڕۆلێت- مۆبایل- ئینتەرنێت- مۆنیکا...تاد).

٤٨- هەندێ ناو هەیە، بەر لەوەی لێپرسراوانی میری ناوی لێ بنێن، ناوی ئەو خێڵ و عەشیرەت و ئەو کەسەی لێ ئەنرێ، کە بۆ یەکەمجار ئەو ناوی ئاوەدان کردووە و لێی ژیاوە، وەک: (لەتیفاوە- مەنتکاوە- مەجید بەگ- چایخانەی بایز- تەیراوە...)

٤٩- بە شێوەیەکی زۆر تایبەتی، گوندنشینەکان، هەر پارچە زەوییەک، یا هەر کۆمەڵە درەختێک، یا چەند کەند و لەند و گردێک، یا چەند کۆمەڵە دانیشتوویەک، با بچووکیش بێ، یا ریزە دێراوێک، هەر یەکەی ناوێکی لێدەنێن.

٥٠- وا ئەبێ یەک تاکە روبار، چەندین چەند ناوی هەیە و هەر بەشەی کە بەو شوێنەی تێیدا دەڕوا، ناوی ئەو شوێنە وەردەگرێ.

٥١- وا دەبێ هەر تەنیا یەک چیای درێژ و زنجیرەدار چەندین چەند ناو بەخۆیەوە دەگرێ، لە ڕۆژهەڵاتی ناوێک ڕۆژئاوای ناوێک، باکووری ناوێ و ناوەڕاستی ناوێ و باشووری ناوێکیتر.

٥٢- هەندێ ناوی نهێنی (حەرەکی) بۆ ژن و پیاوی جاسووس یا خەباتکەری سیاسی و زیندانی شۆڕشگێڕ، بۆ خۆشاردنەوە لە مەترسی هەیە و دادەندرێ، لە پاشا ناوە ئەسڵییەکەی لە بیر دەچێ و ناوە حەرەکییەکەی بەباڵادەبڕێ و ناوبانگی پێ دەردەکا.

٥٣- لە نێو قەرەج و هەجیجی کوردستاندا، زۆرجار (٣) ناو بۆ منداڵ دادەنێن، ناوێک بەس دایک دەیزانێ، ناوێکیتر منداڵەکە خۆی لەناو خێزان پێ دەناسن و ناوی سێیەم بۆ خەڵک.



٥٤- ناوی سوککراوی (حەمە) زۆر جار دەخرێتە سەر زۆربەی ناوەکان.

٥٥- زۆرجار، منداڵی هەتیو بۆ ئەوەی باوکی بیرنەخەنەوە، هەر بەناوی دایکییەوە بانگ دەکرێ.

٥٦- لە هەندێ ناوچەدا، ناو دووبارە و بگرە سێ بارەش دەبێتەوە، جا چ لەبەر حەزکردنی ئەو دایک و باوکە بێ، یا چاووزارێک بێ بۆ تەمەن درێژی ئەو ڕۆڵەیە، وەک: (قادر قادر- عوسمان عوسمان- کەریم کەریم- عەلی عەلی عەلی- عەباس عەباس عەباس)، بەڵام هەرسێکی بەیەکجار ناوترێ، بەڵکو دوویان دەوترین و بەس.

**سەرنج:**

تائێستا ئەو هەموو خاڵانەی و ئاماژەمان بۆ کردن، گەر بەوردی لە هەر یەکێک لەو دیاردانە بکۆڵرێتەوە، بێگومان مایەی ڕەنگڕشتنی گەلێ باس و بابەتی ورد و لەبار قۆناغێک- ڕووداوێک- دیاردەیەک)یش سەراوەڵە دەکاتەوە..!

# ناوو ناتۆره و بچووک و ساناکردنی ناو له کوردیدا

ناو بچووککردن له کوردیدا- ناوی بێگانه و خۆیی- هه‌ریه‌کجار باوه‌و ده‌روازه‌یه‌کی سه‌راوه‌ڵه‌ی هه‌یه و هه‌ر له کۆنی کۆنه‌وه کورده‌که، خۆی به‌شێواز و رێبازی تایبه‌تی و به‌پێی گرامه‌ری زمان و هه‌ڵکه‌وتنی قورگ و مه‌ڵاشوو ودان و لێوو فۆنه‌تیکه‌که‌ی، بۆ رسکاندووه، سه‌رباری چێژ و زه‌وقی جوانکارانه‌ی نه‌ته‌وه و زمانه شیرینه‌که‌ی، ئه‌ویش له رێی ئامرازی (ۆک)که بۆ تانه و سووک کردنه و (ۆکه) (ۆ) که بۆ خۆشه‌ویستی و میهره و جار نا جاریش بۆ ته‌وسه. (ئه‌که)و (ککه)ش بۆ پتر ناسککردن و نه‌رمونیانی و جوانی. (ێ)یش بۆ زێده زێده خۆشه‌ویستی. ناوی بچووک کراوه، له‌م زمانه پێسووک و به‌نگینه‌دا، واتێک ده‌شکێندرێ و چه‌رخ ده‌درێ و شیرین و پوخت ده‌کرێ- لام وایه- ده‌گمه‌نه زۆر، ئه‌م دیارده‌یه به‌م شێوه شیرینه‌ی له زمانێکیتردا، واچرۆی ده‌رکردبێ و گوڵی دابێ:

١- ناوی ژن. وه‌کو:

به‌هیه= به‌هێ. به‌هه. به‌هۆک

حه‌رببیه، حه‌بیبه= حه‌بێ، حه‌بۆ، حه‌به، حه‌ربۆ، حه‌ربۆک

رابیعه= رابه. رابی. رابۆ- رابۆک



زه‌هره= زه‌هێ. زه‌هۆ. زه‌هه. زه‌هۆک

کافیه= کافی. که‌فۆ. کافه. که‌فۆک

ئامینه= ئامه. ئامۆ. ئامێ. هه‌مه. هه‌مین. نامۆک

فاتیمه= فاتم. فاته. فاتێ. فاتۆ. فیتی- فه‌تۆک

خه‌دیجه= خه‌جه. خه‌جۆ. خه‌جێ. خه‌جیج. خه‌دیج. خه‌جۆک

عایشه= ئایشه. ئایشۆ. ئایشێ. ئایشۆک

ره‌مزییه= ره‌مه. ره‌مۆ. ره‌مۆک

مریه‌م= مره. مه‌ره. مه‌رۆ. مه‌رۆک

زه‌ینه‌ب= زه‌نه. زه‌نۆ. زه‌ینۆ. زه‌ینۆک. زه‌ینه‌بۆک

وه‌سیله= وه‌سه. وه‌سێ. وه‌سۆ. وسۆک

٢- ناوی پیاو. وه‌کو:

محه‌مه‌د= حه‌مه. مه‌مه‌د. مه‌مۆ. مه‌مه‌ند. مه‌م. حه‌مه‌دۆک. مه‌مه‌دۆک

ئه‌حمه‌د= ئه‌حه. حه‌مۆ. ئه‌حمێ. ئه‌حمۆ. ئه‌حۆک

حسێن= حسه. حوس. حسۆ. حسۆک

عومه‌ر= ئۆمه‌ر. عه‌مێ. عه‌مۆ. هۆمه‌رۆک

عوسمان= وه‌سمان. وسو. ئۆسێ. وه‌سمانۆک

عبدالرحمن= ئه‌وڕه‌حمان. وه‌حێ. وه‌حۆ. ره‌حمانۆک

مه‌حموود= مه‌حمو. مه‌حموید. مه‌حمی. مه‌حموی. مه‌خۆله. مه‌حموودۆک

عه‌زیز= عه‌زه. عه‌زۆ. عه‌زک. عه‌زۆک

قادر= قایر. قاله. قادۆ. قه‌دۆ. قادرۆک. قالک

فتاح= فەتە. فەتاح. فەتۆ. پەتە. فەتۆک

جميل- جمال= جەمە. جەمۆ. جمۆ. جەمۆک

اسماعيل= سـمە. سـيمۆ. سـمايل. سـمۆک. سـمايلۆک. سمۆک. سمکۆ

معـروف= مـالە. مـالۆ. مەعـرف. مەعريـف. مەعـرۆ. مالۆک. مەگرووف

علی= عەلە. عەلۆ. عەلک. عەلۆک

جلال= جەلۆ. جەلعوت. جلە. جەلۆک

فاتح= تيحۆ. تيحە. فەتۆ. فەتۆک

رؤوف= ئۆفە. رەفۆ. رەپە. رەفۆک

خدر= خدە. خدر. خدۆ. خدێ. خدۆک

ابراهيم= ئيبە. ئيبۆ. ئيبا. برۆ. برايم. برهۆ

رسول= سولە. رەسويل. رەسولۆک

رشيد= رەشۆ. رەشە. رەشێ. رەشۆک

بكر= بەکۆ. بەکە. بەکۆک. بەکرۆک

شاكر= شەکۆ. شوکە. شەکە. شەکۆک

طلعت= تەلۆ. تەلە. تەعۆ. تەلۆک

رمضان= رەمۆ. رەمە. رەمۆک

ياسين= ياسە. ياسۆ. ياسۆک

كريم= کەرە. کەرۆ. کەرۆک. کەريمۆک

شۆخ= شيخۆ. شێخە. شێخۆک

عباس= هەباس. هەباسە. هەباسۆک



فارس= فارە. فارۆ. فەرۆک

صفوت= سەفە. سەفۆ. سەفەکە. سەفۆک

فيكرت= فەکە. فيکۆ. فيکۆک

سلێمان= سلە. سەڵۆ. سەلۆک

امين= ئەمە. ئەمۆ. ئەمۆک

سيف الدين= سەفە. سيفە. سەيفۆ. سەيفۆک

محی الدين= محە. محۆ. محێ. محۆک

شمس الدين= شەمسی. شەمسۆ. شەمدين. شەمسۆک.

بهاءالدين= بهۆ. بادۆ. بادين. بادۆک

عبدالله= عبە. عەبۆ. عەولا. ئەولا. حەولا. عەبۆک. عەبک - ئەڤدال= ئەودال

فتح الله= فەتحۆ. فەتحی. فەتحۆک. فەتۆک

نصرالدين= نەسە. نەسرۆ. نسۆک....

٣- هەندێ ناوی لێکدراوی وا هەیە کوردی بێ یان کوردی نەبێ کورت و سووک و سانا و بچووک دەکرێ و دائەپچرێ و ئەچێتە باڵ یەکەوە وەکو:

شێخ عبدالله= شێخەڵڵا. شێخەوڵلا. شێخيل

ابوبکر= بابەکر. عەبابەکر

شێخ حسن= شێخەسەن. شێخ هەسەن. شێخ حەسۆ

کاک امير= کاکەمير. کامير

کاکە شێخ= کاشێخ

مام عبدالله= مامەڵڵا. مامەولا. مام عەوڵ

محمدامین= حەمەمین. حەمەدەمین. حەمەومین
کاکەڕەش= کاڕەش
باجی عایشە= باجیایش
جاجی امین= حاجیەمین. حاجی ئەمۆ
کاک نبی= کانەبی...

٤- خۆ هەر وانییە، کورد تەنیا، ناوی بێگانە کورت و سووک و سانا و بچووک بکات و بەس، بەڵکو ناوە رەسەن خۆماڵییەکانی خۆیشی بەکۆن و نوێوە والێ ئەکات و ئەیخاتە بەر تەوژمی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتی و زمانەوانییە، بە شێوەیێ مرۆڤ لەبەر یا دۆش دائەمینێ و حەیرانی ئەبێت، وەکو:

خورشید= خورشی. خورشە. خوشێ. خوشە. قورشید. قوشە
شاناز= شانە. شانێ. شەهۆ
پەریخان= پەخە. پەرۆ. پەرێ. پەریلۆک
شادان= شادە. شادی. شادۆ/ کڵاوزێڕ= کڵاو
پاکیزە= پەکە. پەکۆ/ خەزان= خەزێ. خەزە. خەزۆ
شاسوار= شاسە. شاسۆ/ دڵشاد= دڵە. دڵۆ
پیربال= پیرە. پیرۆ/ گوڵناز= گوڵە. گوڵێ
جوان= جوکە. جانێ/ بەهار= بهۆ. بهە
نەژاد= نەژێ. نەژۆ/ هەڵالە= هەڵە. هەڵۆ
رووناک= روونە. روونێ/ ژیان= ژیکە. ژیکۆ
نازەنین= نازە. نازێ. نازناز/ ئاواز= ئاوە. ئاڤۆ



٥- نەک ئەمەو بەس، بەڵکو هەندێ ناو هەیە، کە هەر بەیەکجاری لە کوردیدا، ئاداری لەسەر پاداری ئامێنی و سەروبن ئەکرێت و ئەگۆڕدرێت، کە خۆی لە خۆیدا بارێکی کەی رێزمان و زمانی کوردی و چێژ زەوقی ئادەمیزادی کورد. سەرەنداز ئەکاتەوە، وەکو:

غفور= خەپە/ محمود= خولە. مەخۆل/یوسف= ووسو.
انور= ئەنە/ اسماعیل= سمکۆ. سمۆ
مصطفی= مچە. مچۆل. مستیل/ فتاح= پەتە. پەتۆ.
رحیم= حوتەنە/ سلێمان= سێما.
عمر= عونە. عولە
ئەبوولشاه محمد، شا محمد= شەحە
شمس الدین= شەمدین. شەمزین
محمدامین= مینە. میتان

٦- هەروا دیاردەیەکی تری ناولێنان و ناوو ناتۆرە لە کوردستانی ئێمەدا هەیە، مایەی تێرامانێکی وردە، ئەمیش پیاو بەناوی (دایک)ی ناوزەد ئەکرێ. ئەم دیاردەیە لە هەموو کۆمەڵگایەکا هەیە و بۆ گەلێ هۆی دیار و ئاشکرا ئەگەڕێتەوە. جا چ لە ئەنجامی رەوتی دایلەکتیکیانەی مێژووەوە بێت. هەروەک چۆن (باخ ئۆفن)ی زانای ئەڵەمانی و خاوەنی کتێبی (دایکایەتی) کە لە ساڵی (١٨٦١)دا بڵاوکرایەوە و ئەمەی ساغکردۆتەوەو لە دایکایەتییەوە دواوە و مەسەلەی پێشکەوتنی (قۆناغی دایکایەتی) یا (دایکسالاری) سەلماندووە، کە جاری

جاران لەو باوەڕەدابوون کە قۆناغی (باوکایەتی) یا (باوکسالاری) لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کۆنترە..

یا لە ئەنجامی ناوبانگ دەرکردنی (دایک)ەوە بێت جا چ بە ئازایی و چ بەکار و پیشەیەک و چ بە خراپی و بەدناوی. ئەمەو زۆرجار لە کوردەواری دا، زاراوەی (زگماک)یش پێوەندی بەزگەوە هەیە و دەوری (دایک) ئەسەڵمێنێ- هەروا وشەی (زە- زا- زێ) هەمدیس لە کوردیدا دەوری دایک دووپات ئەکاتەوە و پێوەندییەکی تەواویشی بە گەشەسەندنی مێژوویی (ژین) و (ژیان) و (ژان) و (ژن)ەوە هەیە. واتە: (زێ)ی دایکەوە ژیان- بەمانا فراوانەکەی- کەوتۆتەوە. وێنە و شێوەی (زێ)یش یا (رووبار) هەر لەشێوەی پزدان و ڕەحمی ژن یا دایکە و مانای تەڕایی و ئاوەدانی و ژیان و ژیانەوە و بووژانەوە و سەوزی ئەبەخشێت، تائێستاش زاراوەی (زگوزا) و (زاوزێ) و (شفتەژێ) بۆ مێینەی ئادەمیزاد بەکارئەهێنرێت و (زێ)ی ئاژەڵانیش دیارە، چەند بەکارئەهێنرێت. وشەی (خوشکەزا)و (کوڕەزا) و (خاڵۆزا) و (ئامۆزا)ش هەمدیس نیشانەیە بۆ دەوری (زێ) یا (زا)و لە ئەنجامیشا بۆ دەوری دایکایەتی پز و پزدانیش هەر بەو جۆرە..

هەر لە کوردەواریدا. جاری وا هەیە گەر دووکەس لە شیر و مەمکی یەک دایکیان خوارد، پێیان ئەوترێ (هەمشیرە- هاوشیرە) ئەمەیش خۆی لە خۆیدا بایەخ بە قۆناغ و دەوری (دایکایەتی) ئەدات و پێشتری ئەخات، سەرەڕای ئەمەیش هەندێ جار- لە کوردەواریدا- کوڕ یا (کچ) ئەبێ بە میراتگری



خاسیەتی خاڵی خۆی، ئەمەیش لە ئەنجامی ئەو پێوەندییەی کە لە نێوان خاڵو خوشکەزایەدا هەیە. کە ڕاستە و ڕاست نیشانەیەکە بۆ دەوری دیاری (دایکایەتی)و ئەنجامێکیشە لە سیستەمی کۆنینەی دایکایەتییەوە کەوتۆتەوە، وەک لە هەندێ ناوی نێو ئەم باسەدا خۆی ئەنوێنێ، بەڵام بەڕای خۆم و سەرباری ئەم هەموو ڕاستی و دیاردانەیش، وانییە ببڕای ببڕ مەسەلەی ناولێنانی ئادەمیزاد بە ناوی (دایکی)یەوە، هەر تەنیا دەوری (دایک)و قۆناغی (دایکایەتی) بسەڵمێنێ و بەس، چونکە کۆمەڵ لە گشت قۆناغەکانیدا، سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە و گەلێ هۆ و ڕەگەز و بیروباوەڕی نوێ و کۆنیش کاری تێئەکات. بە هەرحاڵ ئەم بابەتە، بابەتێکی زۆر بایەخدارە و پێداویستییەکی زۆری بە لێکۆڵینەوە هەیە. نموونەکانیش وەک ئەمانەن:

((تەمەری خانزاد- خولەی گوڵچین- برایمی فاتە- سوارەی ناسکێ- بەکری خاتە- حەمەی ئایشێ- پیرۆتی زین- خوشەی کلاو- عەبەی فاتە کوێستانی- حوسەی ئامەموکریانی- جەمەی هەیبەتی گەرمیانی- حەسەی حەلاو- بەکوێ خامە- مچەی عەیشلا- ڕەپەی خەجەکۆر- عەزەی خەجەکەچەڵ- قالەی باجی پیرۆز- ئەحەی پوورە ئایشە- عەلی ئەسمەر- خولەپییزە- حەمەی چوار خاتوونە- عەبێ خازە- عەلەعەمبەر- عەبۆ خەرامان- کەریمی عاسە- عزیز حاجی فاتم- ڕەفەی ئامە- مالەی حەپسە- ئەحەی فەتحیە- وسی پوورەیحان- عەلی یێ مەدینایێ- قادر ناجی یایێ- عەمێ گۆزێ- قاسمی حەبۆ- حەیدەری زبە- ئەکەی مریەم-

قادری فاتەکە- عەلۆی ناجیە- ئەحمەدی فاتمە رەشێ- فریادی لەعلی- مخەی بەگیسی- عەزیزی حەمرایێ- محمەدی پلێ- چەتۆی مینا- عەزۆی ئەستی- ئەحەی شیرین...))

٧- ناو و نازناوی بنەماڵە و (بەرەباب) وەکو:

بەرەی زێڕین
بەرەی مرۆت
بەرەی کاکەخانی
بەرەی شەم
بەرەی خەندان
بەرەی فەرحاناغا
ماڵا توتێ
ماڵا شێتێ
ماڵا برسی بەگێ
ماڵا سینەمێ
ماڵا شەهنازێ
ماڵا خەندێ

٨- هەروا چ بۆ تەوس بێ، چ بۆ ناوبانگ و چ بۆ جوانی و بۆ ناتۆرە، ژن بە ناوی مێردییەوە ناوزەد ئەکرێ، ئەمەیش هەمدیس قۆناغێکی کەی کۆمەڵایەتیمان بۆ دەسنیشان ئەکات، وەکو:

حەلیمەی قاسمی/ عەیشێی محمدی/ سەلیمەی عەلۆ
گوڵەی عەلۆلووڵە/ سەبەی حەمەی کلاوتڕن
زبەی خەلە/ بەدەی حەمە جان/ فاتەی حەمە سوور



مەیانەی عەلی بەگێ

٩- هەروا مێرد یا پیاو بە شێوەیەکی گشتی هەر بۆ هەمان مەبەست بەناوی ئافرەت یا ژنییەوە، ناو ئەبرێ بەتایبەتی گەر کەسایەتی ژنەکە ناوداتر و بەهێزتر بوو، پیاوەکەیش کەساس و بێکار و بێ نموود و لاورگە بوو، بەڵام ئەم دیاردەیە لە کوردەواریدا زۆر کەمە، وەکو:

بلەی شووکەقژبژ/ جلەی زبەی دان جیڕ
خولەی کاڵێ/ محۆی جەمیلە/ عەبۆی عەیشێ
ئەحەی زێبا/ عەلی مینا/ مچەی قەدە

١٠- هەروا وا ئەبێ، گەلێ جار ناوی (دایکی)یێکی دیار، ئەبێ بە ناوێکی (گشتی) بۆ سەرجەمی بەرەباب و تیرەیێکی فراوان و ئەکشێتە سەر ناوی هەموویان، هەر لە (خەسوو) و (بووک) و (خاڵ) و (مام)ەوە بگرە تا (خەزوور) و (پوورزا) و (ئامۆزا) و (خوارزا) و (کوڕەزا) و (کچەزا) و (کوڕەزازا) و (کچەزازا...) وەکو:

عەلی رەندان/ حەبەی رەندان/ حەمەی رەندان
فاتەی رەندان.../ فاتمی خەزالێ/ حەمەدی خازالێ
واحدی خەزالێ/ شانەی خەزالێ...

سەرباری ئەمانەیش و سەرباری ئەوەیش کە هەریەکێ بەناوی (باوکی)- بەتێکرایی- ناوزەد ئەکرێت، ئینجا (دایکی)، بەڵام زۆر ناوی دیکە هەیە، لەم بنەما کۆمەڵایەتییە بە دەرە، وەک لە پێشەوە باسمان لێ کردن.

١١- بۆ فشە پێکردن و تەوس و لاقرتێ و گەمەو پێکەنین و ناو و ناتۆرە و بانگەشە و دەرزی ئاژن کردن، وەک سیفەتێک (نازناو و ناو و ناتۆرە) ئەکەوێتە شوێن ناوی پیاو یا ژنەوە و زۆریش چاودێری ریتم لە هەڵبژاردنی ناو ناتۆرەدا ئەکرێت، ئەم ناو و سیفەتانەیش زۆر زۆر باون و زۆریش بەکارئەهێنرێن. لام وایە دینەمۆی ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی تایبەتی نەک گشتی، شاری سلێمانی و فابریقەی سلێمانییە ئینجا کۆیە و سابڵاخ و ئامێدی و شەقڵاوە و دیاربەکر وەکو: (عەولا میترۆ- خەنجەبرنۆ- عەولا قیمەڕۆ- ئەحەی شاخاتوون- سەلەبەڕک- نالە رەشبەڵەک- مەلای چاومار- عەلونێرەکەو- حەمد سەدۆی گۆڵ کوت- ئەحە گەڵە- ئەحە کەلە- قالە قەوچەڵ- عەزەی کێرپێمەڕە- ئەحمەدێ کتکخۆر- حەسەن پونگێ- ساڵح حەشاندی- فارسێ قونخوار- عەبۆیی قۆپ- مرادی قرۆت- خلیفەی کەرزل- ساڵح سیفۆن- عەلۆکە جوو- ئایشە فشە- حەمۆی تەبعی جووعەلی- حەسەن نەبی کاڵک- رەحە چیکەنە- بلە قرمز- ئەحمەد شەقوپۆق- بەخەی قوون نزیکە عاردی- کەریم شقارتە- مچە پاکێت- ئەحمەدی شەیتان- مینە زەنگیانە- خاتەکەل- عومەر کڵاولار- فەتحۆی کشتەکان- عەزەتەورە- قادر برسی- عەزە دوولوولە- فاتەی تەڵەمشک- ئەحە شەسە- سەبە لاسوتاو- جەمەل رەشە جەنجەر- فاتێ جووجک- قالە شێرە- فارەکێشکە- بلە قۆز- قالە قوڕاوی- بلەی سەعەکەڕ- محمدی تەنکەبز- شێرە دووپێ- ئەحمەدی قوون خر- محمدی گووڕەش- فەزۆ جاندار- ونس جۆخۆر- قالە کەروێشک- ئەحە کەکوژ- سعید گچکەڵ-



خدۆ جانگشاش- حەولا هەریج رەشەگێل- حەمە خێل- قەنە چەتە- دەروێش ترۆزی- حەمەدی دەڕپێ کەوە- حاجی قالەی یەکشەوە- حەمەی کەوا کۆڵ- رەشە تۆڵە- رەسول رەفتە- بەباسەد نوێژ- سەلە سێ خەت- واحد- فاتە قەمەرە- خلە شۆربا- سەبەکوڕانی- سەعی قەرەباڵغ- مەمۆ موخە- ئسحاقە گوڵە- ئەحە زورووف- کەرە چل دەم- عەولا کیە و حیز- سیدتاوە- فرج ئۆپڵ- عەلەی لێفە حیز- عەبە کەڵەک- حاجی خرۆشیف- مەلا عرووس- جەمە جاشکە- کریمی قنگ قوڵاب- حاجی کەڵەباب- ماک باۆکە- جامەی حەمەسێو- حاجی بیتاقە- فەرجە کونج- عەدۆ دانسەگ- ئەحەی جاو- پیاوە بچکۆڵەکە- شاسەکەللە- حەلەی ناوساجی- کەریمیکەوە- فاتە تەماتە- حەمە ئاسن- عەبابەشان- ئامەلۆری- حەسە ئەسکیمۆ- خەلەی دوودەبانجە- عزیز فیتک- ساڵە سییک- محە کادیر- حەسۆ گووشل- وەسمان تڕبەڕوو- محەی تربرێشک- رەسولە قوتکە- عەزۆ بەراز- فاتە بەلاش- عەلۆ قەزادار- خدەی ئەردەشەن- محە حووت- عەلە نێرباز- خولە بۆر- عەڕەلوولوو- عەلۆپاپان- ئەحەیدەتێ- مەنیجەکوێر- عەلی لوولەڕووت- خەجە گووکر- مجەبالە- شێخ کشمیش- خولە چەخماخە- قالەی دەواردرێژ- حەمە شاپەسەن- شەفەبەمبە- مالەتریشقە- عەبۆی- حەلەێوە- خولە کەشکۆڵ- سەعیدی دایەنەکە- فەرەجە رێچکە- عەلەگنە- سەدەی گوێ تاکەکڵاش- عەوڵە سیس- عەبەی سیسارک- عەبە سیسارک سە- فەتەی قڕژاڵدەس- مچەی بەرزامل- جلە گونە- مەنیج بەربووک- ئامە مۆرێ- بلەکوولەکە- عەلیەقەنقارێ-

شـەعبانیعیرکە- سـەعە سـەگەوان- ئوسـفێ حەسـارێ-فـاتمی چەقاوەسوو- هەمین دندن- ئیبۆ قوون چەور- حاجی مەنجەڵ- وسو لاتڕ- رۆستەم مسینە- قادر رۆژباش- عزە داماو- عەزە بازە- رەحە قیڕتاو- عەزیز قاپقاپ- ئامیەی چاومار- مەلا گندۆرە- حەمەرەق- عەبەی سنگ داچەقاو- عەمە جنۆکە- سالّحە مشکە- ئەحە قاژوو- ئایشە بن نووکە- حمید رەشاش- مامەکوڕنو- حەمە دەمە- عەلە سمێڵ- فەریقەکوێر- سالە شێت- مالەی کولّەشین- سمایلی سەرما بردوو- جەمە چەقالّە- سمایل سەبیل- سمە فینیش- عەلە بسم اللە- عەبە گاوڕ- ئەحە دۆڕانی- عەلیەورگە- مودیرە سوورە- کەریمی باری تعالی- عەبەشەکەنە- عەلیەورگە- مچەگوێ رووت- عەبەکەوە- نۆزدەی هار- عەبەمیاو-حەمەی بلوێرژەنی جادوو- عەزە شەل- کەریمەرەش- عەلەی شەیتان بێزی- رەحە حیلکە- شێخە شەل- شوکری پەرێشان- دکتۆر شۆ- عەلیە قونە- جەمەی ناسکەرەش- عەبەقامیش- عەبۆ عەڕەبانە- سەلام بێموو- محەی هێلکەکەر- ئەحەی قوون بەتۆز- سمە قۆپچە- خدە بێکراس- حەمسە تەنەکە- عەزەبۆرێ- جەلەگورگە- عەلیەتەگە- عەزەی بامیەمل- عەبەخڕە- پیرەتڕە- عەلەکچانی- شامەیحەبێ- کشمیش- ئەحەمەدێچورچە- مارفی شان بەگوو- قاردی قوون سعات- سەنەی کەنوزگ- ئایشە شەڕواڵ- بەدری بەچکەزێر- عەزەچەقەڵ- رەمەزان کەمیتار- رەسوولە گراز- حسن گڤۆ- خەلە گورگە- یوسف بەری قۆڕ- ئایشە کۆتک- عەولّا خەنجەر- جلیل جەردە- عەبە هەمبانە- حەمە باغەڵ گەورە- محمود گەدۆ-



تۆماس دێمەکار- حسن فیقی- مەکە پایسکل- کاکڵ دۆینە- جلال قیتۆ- حسن رسولی تۆما یەڵدای بندیان- جەلە دیسکۆ- قادرە هێر- سادق بۆقێ- بلە برووش- خالد دوورەنگی- عەبەلالۆ- حسین دەسڕەش- جەمۆ تووڕەق- مامعە خەزێم- برایم خڕنووک- عەولا دووقوون- حمید دەمانچە- باقی سەڵتەنەت- کاحسن عەمبار- فاتە رەوڕەو- حەبە زندۆر- زێندی سەراسن- سەلە گیپەڵە- سەلام قەمەندۆر- تۆما کونێ- عەزە ریوی- سالّحە مریشک- قوربانیی مام حاجی مەلاژن- باپیری رسول سۆفیەکۆر- علی چاوش- ئایشە حەمەدی پیریژنی- حەمەداغای گەرگور- عیسا قشپڵ- عەولّا قڕنە- مەرجانی باینجان- سعید کۆترباز- موراد عانە- حسین قۆرنە- حلیمەی جاندار-عەزیز فەردە رەژوو- عەلۆقیتێ- باپیر دۆینە- حەمەد ساوار- پیربالّ چەمۆ- عەلیە قیتکە- مەلاتەنەکە- حسن شەمبۆل- عەزە گەراج- فارسە تڕکەن- محمود کالیار- بلە مچۆلی- عەلۆ فسیالی- حەمەکدوو- عوسە جووجێ- تاها تاکلایت...).

**سەرنج:**

هەریەک لەم ناوانە و یا ئەم ناو و ناتۆرە و نازناوانە حیکایەتێکی خۆی هەیە و هەریەکەی لەمانە مایەی پێکەنینێکی دلّتەزێنە یا خەمێکی قووڵ و یا مایەی واق و رمان..و ..و ..و.

١٢- هەروا بۆ خۆشەویستی و شیرین کردنی ناو و ئاسانکردنی برشگەکانی وشە و سەرەڕای تەوس و توانج

تێگرتن و جگە لە بەخشینی مانایەکی تازە و جوان و بەتام ئەم کوردەی ئێمە لەم بوارەدا چەشنێکی تری هەی. وەکو:

شانی= شن شن
هەنار= هن هن
شوان= شوشو
جوان= جوجو
شاخەوان= شاخ شاخ
دلێر= دڵ دڵ
هۆشەنگ و هۆشیار= هۆش هۆش
ئارام= ئاراش= ئار ئار
بارام= بار بار
نازدار= ناز ناز
بەختیار= بەخ بەخ
کنێر= کن کن
شیرین= شیر شیر
هەڵۆ= هەڵ هەڵ
نازەنین= نەزنەز
ئاری= ئەرئەر
مەریوان= مەرمەرە
ئاشتی= ئاش ئاش
سەربەست= سەر سەرە
خانێ= خەن خەن خاتۆ



ئازاد= ئەز ئەز
ئاواز= ئەو ئەو

ناوی کۆن و تازەی گاورەکانی کوردستان

١- ناوی کۆن و رەسەن وەکو:

سەنحاریب- ئاشوور- ئیرمیا- ئەشعیا- ئەفرام- بنیامین- گۆرگیس- زادۆق- سلێوە- حەننا- دانیاڵ- داود- زکریا- شەمعون- میخائیل- یعقوب- لۆقا- بۆیا- دنحە- جۆرج- کاترینا- ئیلیاس- تۆبیا- سەرگۆن- سەرسەم- هورمز...)

٢- ناوی کوردی و عەرەبی گاورەکان:

(شاکر- ئازاد- سامی حمید- جمیل- ویدیع- رزگار- جوان- پەری- شاخەوان- باهرە- سالمە- هیوا- دیاری- سەربەست- نەسرین- گوڵاڵە...).

٣- نـاوی نـوێی نێـر و مێـی ئاوروپـایی، گاورەکـانی کوردستان، وەکو:

(باسـیلیۆس- ئەلفرێـد- فێـرجین- فیلیـپ- نـاپلیۆن- ویلـیەم- ئۆگستین- ئەستیڤان- جانێت- ئەدمۆن- ماری- جلبەرت- ئەمیل- پۆلس- ئەلبێر).

٤- سـەرباری ئەوەی کە هەر لە کـۆنەوە گاورەکـانی لای خۆمـان گەلـێ نـاوی عەجەمـی و کوردییـان بـۆ ناوەکانیـان هەڵبـژاردووە، هەروایـش لە مەسـەلەی نـاوبچووک کردنیـشا، پێـڕەوی شـێوازی زمانی کوردی و کۆمەڵی کوردستانیان کردووە لەم لایەنەوە، وەکو:

عبدالله= عەبۆ
رحیم= رەحۆ

نعیم= نەعمۆ
محمد= مەمۆ
دانیاڵ= دانۆ
پەخشان= پەخۆ
دڵشاد= دڵۆ
ئێزەریا= ئێزۆ
شێرزاد= شێرۆ
ئەڤین= ئەڤۆ
ئەپریم= ئەپرۆ...

**پەراوێزەکان:**

١- دوکتۆر جمال رشید لەو باوەڕەدایە کە: وشە و ناوی (میرزا- میرزاد) لە بنجدا لە خوای میهرا (میترا) کە رووناکی سەرلەبەیانی و سەرچاوەی ژیان و زانیاری و پەیمان بووە. کەوتۆتەوە. هەروا ناوی (جوامێر- جوان میهر) بەواتای: (خۆشەویستی خوای میهرا) لە کوردیدا ماوەتەوە. سەرباری وشەی (میهرەجان) و لە هیندیشدا (میهراجا) ماوەتەوە. کە نیشانەی چینێکی باڵای کۆمەڵە.. هەروا وشەی (میهر- میر) دەرەبەگەکان بۆ خۆیان بەکاریان هێناوە، وەک: (میهر میهران- میری میران).

٢- دوکتۆر جمال رشید- لە لێکۆڵینەوەکەیدا- دەڵێ: (ناهید یا ناهیدە)ش دەگەڕێتەوە سەر خوای (ئەناهیتا) واتە: خوادی ئەستێرەی زوهرە، کە لەپاشا بوو بە (ئەناهید- ناهید). لە دواییدا



لە زمانی کوردیدا لە شێوەی (ناهید) چەسپی بۆ ناونانی کچان و ئافرەتان. لە زمانی سۆمەریشدا بەرامبەر بەناوی (ئەناهیتا) ناوی (ئینانا- ئینین) کە لە شێوەی (نان- کەیبانووی ئاسمان) لە هەندێ تێکستدا بەرچاو ئەکەوێ. کە ئەویش عەشتاری بابیلییە. کە لە دواییدا لە عەرەبیدا. بوو بە (العزی- الزهرە) ئەم خووایەش هەروەکو ئەرکی خودای (تەمووزی- دەمووزی) ئەرکی هەبووە.

٣- دوکتۆر جەمال لەو بڕوایەدایە کە: ناوی (مەهاباد)ی کوردی دەربڕینێکە لەو ئاوایییەی خودای مەزن (ئاهورا) وەیا (ئاسورا)، چونکە وشەی (مەها) لە هیندیدا. واتا (مەزن) دەگەیێنێت. کە لە وشەی (مەهاتما)شدا بەرچاو دەکەوێ. واتە: (گیانی مەزن).

٤- دوکتۆر جمال لەو باوەڕەدایە کە: گەلێ ناو هەیە لە کوردیدا. ناوی ئۆپۆنۆمیکی (ناوی جوغرافی)و ئەتۆنۆمیکی (ناوی نەتەوە و هۆز)و ئەنۆماستیکی (ناوی تایبەتی)ی هەیە و هەر بەشێوەی کۆن پارێزراوە.

زۆربەی زۆری خێڵی کوردەواری. ناوی کوردی خۆی پاراستووە و کاریگەری عەرەبی و تورکی و ئارامی و ئەرمەنی تێدا نەبووە، وەک خێڵی: (دیڤۆسینۆ- رەشگوتا- سینیکا- ئالکا- میهرکا- مەندکان- هەسکان- چیلکان- سیلڤانا- هەڤیر...)

٥- دوکتۆر جمال رشید هەمدیش لەو باوەڕەدایە کە: هەندێ ناو هەن لە بنجدا. لە ناوی کۆنە خوایەکانەوە- لە کوردیدا- وەرگیراوە. (بۆران- بۆریان)یش کە ناوی کچانی کوردە، لە (بوریاش- خوای باووبۆران) وەرگێڕاوە، کە کاشییەکان بەکاریان هێناوە.

# ئاماژەیەک

* (٣٥) ساڵ زیاترە خەریکی ئەم پرۆژەیەم و پێم وایە هێشتا تەواو نەبووە. بۆ یەکەم جار ئەم باسە لە ژمارە (٣٢-٣٣)ی گۆڤاری (رۆژی کوردستان)ی ساڵی (١٩٧٥) بڵاوکرایەوە. لە پاش (٨) ساڵێتر لە ژمارە (٩٩)ی گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ)دا بە بەرفراوانتر بڵاوم کردەوە. ئەمەی ناو ئەم کتێبەش بەشی هەرەزۆری ئەو ژمارەیەیە، بەڵام زۆر زۆریش راو و سەرنج و بۆچوونی تری هاتۆتە سەر..!

* شایانی باسیشە. ساڵی (١٩٨٠) لە بەغدا ساڵی (١٩٨١) لە هەولێر و ساڵی (١٩٨٢) لە دهۆک و ساڵی (١٩٩٣) لە شەقڵاوە و ساڵی (١٩٩٤)یش لە ئێوارە کۆڕێک و لە بارەگای لقی دووی پارتی پێشکەشکراوە. نیازخوازم بەوپەڕی راشکاوییەوە، هەر چ رەخنە و ڕاو سەرنجتان هەبێ بیخەنەڕوو. من پێم وایە رەچەیەکی تازەم شکاندووە، بەڵام خۆ دەبێ ئێوەش مشوورێکی دیکەی بۆ بخۆن..!؟



# سەرچاوەکان


* قواعد اللغة الكردية (ج-١-٢) توفيق وهبي.
* ناوی کوردی- علاءالدین سجادي.
* ناوی کچ و کوڕانی کوردی- گیوی موکریانی.
* ناوی کوردی نوێ- هۆشیار قەفتان.
* ڕێزمانی کوردی- نوری علی امین.
* ناو لە زمانی کوردیدا- دکتۆر ئاوڕەحمانی حاجی مارف.
* فەرهەنگە کوردییەکان.
* هەندێک بیروڕا دەربارەی بناخەی مێژوویی زمانی کوردی- دکتۆر جمال رشید (دەسنووس).
* دانیشتنێک لەگەڵ مام هێمن مهابادی، مامۆستا عولەما.
* سەر و سۆراخ لە (گەرمیان و خۆشناوەتی و بادینان).
* الاعلام العربية- الدكتور ابراهيم السامرائي.
* مجلة الاجيال- العدد (٢) ١٩٨٠.